

# ووتاری کردنەوەی کۆنفرانسی ڕێکخراوی بریتانیای حزب لەلایەن دەشتی جەمال

**هاوریان ، دۆستان ، نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان، ئامادەبووانی خۆشەویست!**

بەناوی کۆمیتەی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقەوە بەگەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ**10**هەمین کۆنفرانسی سالآنەی ڕێکخراوی بەریتانیای حیزب .

ئارەزوو دەکەم کۆنفرانس هەنگاوێکی گەورە بێت لەبواری بەرێخستنی تواناو ئامادەییەکانی کادرو ئەندامانی حزب لە بەریتانیا بۆ بەشداریی چالاکانە لەبەرەوپێشبردنی ئەو ئەرکو وەزیفە حەساسو چارەنوسسازەی رووبەرووی بزووتنەوەو حزبی ئێمە بۆتەوە لەم هەلومەرجە سیاسیە ناسکو ئالۆزەی عێراقی پێداتێدەپەڕێ. هەروەکو ئارەزوو دەکەم سەرەتای بەشداری چالاکانەو رێکخراوی هەموو ئەو ئینسانە کۆمۆنیستو یەکسانیخوازانە بێت کە هاتوون لەگەڵ ئێمە لە فکری کێشەو گرفتەکانی خەلکی عێراقو کوردستانو ئایندەی سیاسیو کۆمەلایەتی ئەوانو ڕێگای رزگاربوونیان لەم بارودۆخە سەختە سیاسیەی عێراقدان.

**هاوریانو ئامادەبووانی خۆشەویست!**

هەروەکو خۆتان دەزانن ،جەنگو دواتریش داگیرکرانی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، کۆمەلگای عیراقی گیرۆدەی ویرانکاری کردوەو هەموو سیماو بنەمایەکی کۆمەلگای ئاسایی لێسەندۆتەوە. هیچ ئاسۆیەکی رۆشن بۆ ئاسوودەیی وئاسایشو ئارامیو خۆشگوزەرانیو ژیان بۆ خەلکی عێراق لە نزیکماوەدا نابینرێت. کوشتاری بەکۆمەڵو کوێرانەی خەلکی مەدەنی لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە، تیرۆرو تەقاندنەوەو سەربرینو رفاندنی خەلك لەلایەن دەست و تاقمە ئیسلامیو قەومپەرستەکانەوە، بەرپابوونی شەڕی ئەهلی و هەوسارپچراندنی گروپە ئیسلامیو قەومپەرستەکان بۆ بەرێخستنی لافاوی خوێنی خەلکی سەر بە مەزهەبو نەتەوە جیاوازەکان، دەست تێوەردانی دەولەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو دەوری تێکدەرانەیان بۆ نائارامکردنی ژیانو ئایندەی خەلك، هەموو ئەمانە بارودۆخێکی کۆمەلایەتی لەرادەبەدەر خەتەرناکو دژواری بەسەر کۆمەلگای عیراقو دانیشتوانی ئەو ولاتەدا داسەپاندوە. ئەم بارودۆخە مەترسیدارە لەگەڵ بێکاری موتلەقو هەژاریو برسێتیو بێخانەولانەییو هاتنەخوارەوەی تارادەی سفری ئاستی خزمەتگوزاریە پزیشکیو تەندروستیو بەلەدیەکاندا، ئەلقەی هەڕەشەی نابوتکردنی کۆمەلگاو ژیانی خەلکی عێراق تەواو دەکات!

بەلآم لەناو ئەم تاریکستانەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیو دەستەو تاقمە ئیسلامیو نەتەوەپەرستەکاندا، تروسکاییەك دەبینرێ کە ئومێدی رزگاری ئەو کۆمەلگایەی لەو تاریکستانە نوێنەرایەتی دەکات، ئەویش هاورێیان، دۆستان، حیزبەکەی ئێوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە. حزبەکەی ئێوەیە کە لەکوردستانەوە تا ناوەڕاستو خوارووی

عێراق نوێنەری ئازادی‌و هیوای رزگاری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، ژنان‌و لاوان، ئازادیخوازان‌و هەموو ئەو ئینسانانەیە کە چاویان بڕیوەتە ئاسۆیەك بۆ ئازادی و رزگاربوون لەو مەینەتاوایەی بۆیان دروست کراوە.
ئەم خەباتەی حزب نەك تەنها لەوناوخۆی عێراقدا، بەڵکو لەئاستی جیهانیدا، لەنیو تۆرێکی بەرین لە یەکیتی کرێکاری، رێکخراوو لایەنی چەپ، رێکخراوەی ژنان، شەخسیاتی سۆشیالیست‌و کۆمۆنیست‌و سیکولار، خەڵکی رادیکاڵ‌و ئازادیخوازدا بۆتە جێگای متمانەو ئیعتبارێکی شایستەی پەیدا کردوە.
هاوڕێیان، رێکخراوی بەریتانیای حزب لە ماوەی رابردوودا سەنگەرێك بووە لەو سەنگەرە قایمانەی حزب‌و بزووتنەوەی ئێمە کە پەیگیرانە لەمەیدانی دیفاعکردن لە ماف‌و ئازادیەکان‌و ژیان‌و ئایندەی خەڵکی عێراق وکوردستان راوەستاوە. رێکخراوی بەریتانیا بەردەوام لەپێشەوەی سەنگەری وەستانەوە بەرووی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق، شەڕو داگیرکردنی عێراق، پیلانگێریەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی عێراقی‌و خۆخزاندنیان بۆ ناونەخشەی شەڕخوازی ئەمریکا، تاوانەکانی بەعس دژی خەڵکی عێراق وکوردستان نەخشی بەرچاوی گێڕاوە. دەیان خۆپیشاندان‌و چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوەو جەبهەی ناخۆی حزبی بەهێزکردوە.
لەنیو دەیان خۆپشاندان وئاکسیون‌و پیکیتدا تەواو کەری خەباتی خەڵکی عیراق بووە بۆ گیرانەوەی مەدەنیەت و نان وئەمنیەت. میدیاو شەقامەکانی بەریتانیای پڕکرد لەدەنگی نارەزایەتی خەڵکی عیراق لەدژی جەنگ‌و داگیرکاری‌و تاوانەکانی ئیسلامی سیاسی. لایەنێکی سەرەکی بووە لەنوێنەرایەتیکردنی دەنگی رادیکاڵ‌و ئینسانی‌و پێشکەوتوو ،بەبەرزکردنەوەی (نا بۆ ئەمریکاو نا بۆ ئیسلامی سیاسی). بەشداریی چالاکی هەبووە لەخەباتی ژنان لەعیراق و کوردستان. وەلامدانەوەی خیراو کارساز بە نارەزایەتی جەماوەریەکانی کوردستان و بەرگری لەئازادی سیاسی وبیرورا دەربرین لە کوردستان کەبەردەوام لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارە ناسیۆنالیستەکانەوە پێشێل کراوەو دەکرێت، ئەمانە بەشێکی گرنگی هەلسورانی ئەم رێکخراوە بووە . ئەمە بێجگە لە دەورو نەخشی ئەم رێکخراوە لە مەیدانی بەرگری لەمافەکانی پەنابەران بۆ جێکەوتنیان لەم کۆمەڵگایەداو بەدەستهێنانی مافی پەنابەری ودژ بەسیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران ، و وەستانەوە بەرووی دابونەریت‌و فەرهەنگی کۆنەپەرستانەی پیاوسالاری‌و نەتەوەپەرستی‌و ئیسلامی کە لەناو جالیەی کوردو عێراقیدا بەدی کراوە. ئەم کارانەشی بەهیمەت‌و زەحمەتی ژمارەیەك کادرو ئەندام‌و ئینسانی کۆمۆنیست بردۆتەپێشەوە کە لەریزەکانی رێکخراوی بەریتانیادا خۆیان رێکخستووە.
هاوڕێیان ئەم حزبە خاوەنی کۆمەڵێك کادری بەتەجروبەو هێزێکی ئینسانی کۆمۆنیستی وایە لە بەریتانیا کە دەتوانێ دەوری یەجگار گەورە ببینێ لە سەرخستنی پەیامی حزبدا کە دەرکێشانی کۆمەڵگای عێراق‌و کوردستانە لەژێردەستی دەستەو میلیشیا نەتەوەپەرست‌و ئیسلامیەکان‌و کۆتایی هێنانە بە داگیرکاری ئەمریکاو دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵك لەجێگەیاندا. هێزێکی گەورەو مەزن لە ئینسانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز هەن کە خۆیان بەشەریك دەزانن لەگەڵ ئامانج‌و ئومێدەکانی ئێمەدا، ئەگەر ئێمە هەموو تواناییەکەمان بخەینە گەڕ، ئەگەر هەوڵ بدەین ئەوانەی لە ئامانجەکانماندا لەگەڵمان بەشدارن، بۆناو حزب بانگەوازیان بکەین، ئەگەر باشتر لە ئێستا ئەم هێزو تواناییەمان رێك بخەین، دڵنیام دەتوانین کاری مەزنتر و زۆریش مەزنتر لەوەی تا ئێستا کردومانە بکەین.
ئامادەبوانی بەریز! هاوڕێیان، دۆستان!
ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی و هیزە ناسیونالیستەکان لە عێراق نەك هەر ناتوانن ئایندەیەکی ئارام و ئینسانی بۆ خەڵکی عێراق فەراهەم بکەن، بەڵکو خۆیان سەرچاوەی کارەساتەکانی ئێستای عێراق‌و کوردستان‌و هاوکات رێگرن لەبەردەم هەر ئالووگۆرێکدا کە رووی لە باشکردنی ژیان‌و گوزەران‌و ئارامی‌و ئاسایشی خەڵك بێت! ئەمریکا ئێستا

لەهەموو کاتێك زیاتر ماهیەتی چەواشەکارانەو درۆزنانەی بۆ خەڵکی عێراقو دنیا سەبارەت بە "پرۆسەی ئازادی عێراق" ئاشکرابووە. تاوانەکانی هێزەکانی ئەمریکا هیچ روویەکی سپی بۆ خزمەتکارەکانی لەناو هێزەکانی بۆرژوازی عێراقیدا نەهێشتۆتەوە. قەومپەرستو ئیسلامیەکانی سەرکورسی دەسەڵاتیش ماهیەتی کۆنەپەرستانە، نامۆبوون بەخەڵك، دژی خەڵی بوون، دزیو چەتەگەری، تائیفەگەریو ئینسانکوژییان بۆ خەڵك ئاشکرابووە. کۆنەبەعسیەکانو تیرۆریستەکانی جۆری بنلادنیش کە بەناوی مقاوەمەوە خۆیان وەکو نوێنەری شەرعی مقاوەمی داگیرکاری دەردەخەن، بێجگە لە چەند دەستەیەکی تیرۆریستی ئینسانکوژ هیچی دیکە نین. هیزێکی ترو بەرەیەکی ترە کە دەتوانی کۆمەلگای عیراق بەئیتجاهی ئالوگۆرێکی ریشەی و ئینسانیدا بەریت، هیزێکی پشت بەستوو بەجەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ژنانو لاوانی نارازیو ئازادیخواز، کە ئەویش حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکارییە لە عێراق.

ئێمە لەبەریتانیا لەگەل هیزیکی بەرین لەجالیەی عەرەبی کوردی بەروو رووین. هاتنی ئەم خەڵکانە بۆ ناوبزووتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری و وەستان لەگەڵ خەباتی حزبی ئێمەدا نەخشێکی بەرچاوی دەبێت لە لاوازکردنی نەخشی هێزە نەتەوەپەرستو ئیسلامیەکان. هاتنەمەیدانی ئەم جالیەیە بۆ ناوسیاسەتێکی چالاکی ئازادیخوازانە پێویستیەكو هاوکات وەزیفەیەکی سیاسی ئێمەیە بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنی هێزو توانایی خەڵکی ئازایخوازی عێراق لە پێناو رزگاریو ئازادیو ئەمنیەتو خۆشگوزەرانیدا...بێجگە لەمە، بزووتنەوەی ئێمەو حزبی ئێمە خاوەنی پەیوەندیەکی سیاسی توندوتۆڵە لەگەڵ چەندین رێکخراوو لایەنی چەپو یەکیتی کرێکاری لەبەریتانیادا، ئەگەر نەخشەمەندانەتر لە ئێستا کارمان چڕبکەینەوە بۆ توندکردنەوەی بەرەی ئازادیخوازو چەپ، ئەوا رێکخراوی بەریتانیا دەتوانێ نەخشی بەرچاو بگێرێت لە مەیدانی راکێشانی پشتیوانی بەرەی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە بۆ خەباتی خەڵکی عێراق.

هیوادارم کە ئەم کۆنفرانسە بتوانێ خالەبەهیزو لاوازەکانی خۆی بناسێ، وە لەسەر رۆشنایی ئەرکەکانی حزب لەدەرەوەی وولات ، ئەولەویاتی سیاسیو پلاتفۆرمی عەمەلی خۆی دابرێژێت. لەو پێناوەدا هەنگاو هەلگرین. تەشکیلاتێکی بەهیزو میلیتانت و مەحکەم دابمەزرێنین کە توانای گێرانی نەخشی گرنگی هەبێت بە قازانجی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاریو لە رەوتی رزگاری خەڵکی کوردستانو عێراقو توندکردنەوەی بەرەی جیهانی ئازادیخواز دژی جەنگو دوو قوتبی تیرۆریستی جیهان: ئەمریکاو ناتۆو ئیسلامی سیاسی.

بژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

بژی ئازادی یەکسانی حکومەتی کرێکاری

بژی کۆنفرانسی دەیەمی رێکخراوی بەریتانیا

**2006-3-25**